KURDISTAN NET کوردستان نێت
www.kurdistannet.org

بەشی هەواڵەکانی کەناڵی کوردسات وتێبینیەکی بچووک,,,,دانا مستەفا

من وەکو بینەرێکی کەناڵی کوردسات ئەو مافەئەدەم بەخۆم گەر رەخنەیەک یان پێشنیارێکم هەبێت لە رێگەی یەکێک لەرۆژنامە سەربەخۆکانەوە بلاوبکەمەوە,جانازانم کارمەندوبەپرسانی کوردسات تاچەنێک سنگیان کراوەیە بۆ گوێ گرتن لە بیرو بۆچوونەکانی خەڵک؟؟؟؟

,نابێ ئەوەشمان لەیاد بچێت رەخنەگرتن دیاردەکی پێشکەوتووخووازانەی سەردەمەوگەر لەجێی خۆیابێت ئەنجامی کاریگەروباشی لێ ئەکەوێتەوە..

جێی داخیشە لە حاڵەتێکدا بابەتێکی ئاوا ئاراستەی رۆژنامەیەکی وەکو کوردستانی نوێ بکرێت کە سەر بەهەمان رێکخراوی سیاسیە کەخاوەنی کوردساتە ئەوا دڵنیام پشت گوێ ئەخرێ و ئەخرێتە زبڵدانی خۆڵەوە..

من زۆر بە دەگمەن ئەبینم لایەنەسیاسیەکانی لای خۆمان لە دەزگاکانی راگەیاندنەوە گلەیی و رەخنەی خەڵکی لەسەر خۆیان بلاوبکەنەوە,ئەمەش تا ئەندازەیەکی زۆر متمانەی خەڵک بە دەزگاکانیان کەم ئەکاتەوە..

,لێرەوە پێم خۆشە بچمە ناو بچمە باسەکەمەوە,ماوەی هەواڵ یان (الاخبار) لە بەرنامەکانی تەلەفزیوندا گرنگیەکی تایبەتی خۆی هەیە,رەنگەهەڵە نەبم گەر بڵێم بەشی هەواڵ گرنگترین بەشە لە دەزگای راگەیاندندا.بۆیە گرنگی و بایەخ پێدانی تا رادەیەکی زۆر سەرکەوتن بۆ دەزگاکەمسۆگەر ئەکات...

.جێی داخە کەناڵی کوردسات کە کەناڵێکی تەلەفزیۆنی ئاسمانیە و سەر بە یەکێتی نیشتیمانی کوردستانە لەچاو ئەو هەموو جەماوەرەی لەناوەوەو دەرەوەی کوردستان چاودێری

بەرنامەکانی ئەکەن لەم بەشە کاریگەروهەستیارەدائێجگار لاوازو هەژارە..
هەرئەمەشە وای کردووە بینەرانی کورد متمانەیەکی وای پێ نەبەستن,بەڵکو بۆ زانینی هەواڵ و گۆڕانکاریەکانی دنیا بگەڕێنەوە بۆ کەناڵە عەرەبی و جیهانیەکان,,,
هەڵبەتە لاوازی دەزگای هەواڵ لە کەناڵی کوردسات هەموو بەشەکانی ئەگرێتەوە هەر لە کەسانی ئامادەکار هەتا بێژەرو پێشکەش کارانی...
بابەتی هەواڵەکان تا ڕادەیەکی زۆر کۆن و پچڕ پچڕ و بێ سەرەو بەرەن,هەواڵی دوێنێ لەئەمڕۆدا بلاْوئەکرێتەوە هی ئەمڕۆش لە هەواڵەکانی سبەینێدا....
ئەمەش یەکێکە لە گەورەترین خاڵی لاوازی بە تایبەتی لە بارودۆخی ئێستادا کە ڕووداوە جیهانیەکان لە ئان و سەعاتدا لە گۆڕاندان..
لەسەر ئاستی کوردستان کوردسات لاوازە لە پێشکەشکردنی وردودرشتی گۆڕانکاریە سیاسیەکان,پرۆژەکانی ئاوەدانکردنەوە,,ڕووداوو کێشەکۆمەلاْیەتی و بنەڕەتیکانی خەڵک.
ئەبوایە کوردسات وەکو هەموو کەناڵە جیهانیەکانی تر لە هەواڵەکانیا ڕاستەوخۆ پەیوەندی بکردایە بە کەسانی سیاسی و ڕۆژنامەنووس و مامۆستایانی زانکۆوکەسانی ئەکادیمی وشارەزاو لێکۆڵەرەوانی سیاسی تا بیروبۆچوونی خۆیان لەسەر پرسە جیاوازەکان بۆ خەڵک و بینەران ڕوون بکەنەوە..ئەوەش بۆ دەزگایەکی گەورەی وەکو کوردسات کە دەوڵەمەندە بە ئامێرەکانی وەک تەلەفۆن و ئینتەرنێت و جۆرەها ئامێری تر کارێکی زۆر ئاسان و شیاوە..
بە داخەوە چەندین گۆڕانکاری گەورەو کران لە کوردستان و

عێراقدا ڕویانداو کوردسات نەیتوانی بە شێوازێکی گونجاو
چاودێری ڕوداوەکان بکات و بە بینەرانی خۆی ڕابگیەنێت,,هەر
بۆیە بە لامەوە هیچ سەیر نیە تەنانەت گۆڕانکاری و
چاکسازیەکانی ناو خودی یەکێتی لە سەرچاوە دەرەکیەکان
ورۆژنامەیەکی وەک هاولاتی ئەبیستم..
ئەمانە هەموو جێگەی داخن و وا لە بینەر ئەکەن متمانەی
تەواوی خۆیان بە کەناڵەکە نەبەستن,
هەر بۆیە داواکارم لە بە رپرسانی چاوێک بەم مەسەلانەدا
بخشێننەوە.
لە جێگەی کەسانی نەشارەزاونا ئەکادیمی کەسانی
بەتواناوپسپۆڕدابنێن و کوردسات بەرەو دێموکراتیزەکردن بەرن
و تاوای لێ بێت ڕەخنە لەخودی یەکێتی خۆی بگرێ و بۆچوونی
کەسانی سەربەخۆش بلاوبکاتەوە...
جێی داخیشە لە ڕووی بێژەرو پێشکەشکارانی بەشی هەواڵەوە
کوردسات دیسانەوە لاوازە و کەمو کورتی تیایە,
بەشێکی زۆر لە بێژەرانی کەسانی گونجاووئەکادیمی نین,لەڕاستیدا
بێژەری هەواڵ ئەبێت لانی کەم هەڵگری شەهادەی بوارەکەی
خۆی بێت و زمانی ئینگلیزی بزانێت ودەنگی خۆش بێ و توانای
پرسیارکردن و بەدواداچوونی هەبێ ,,
سەرەڕای ئەوەی کوردسات لەوەتەی هەیە بە هەمان دیکۆروبە
مۆسیقایەکی دیاری کراوەوە هەواڵەکان پێشکەش ئەکات کە
خۆی پێویستە سالانەگۆڕانکاری تیا بکات,,
لە کۆتاییدا ئەڵێم ڕەخنەکانم ڕاست بن یان چەوت بیروبۆچوونی
خۆمن وباس کردنیشیان بۆ ڕوخاندن و دژایەتی کردنی کەناڵی
کوردسات نیە بەڵکو لە دڵسۆزیەوەیە......